کانی شەوقی یاریزانی تۆپی سەرمێز:

# ئاواتمە دوای تەواوکردنی خوێندن زیاتر پەرە بە وەرزش بدەم



شاری سلێمانی خاوەنی چەندین کچە یاریزانی بەتوانایە لە یارییەکانی تۆپی سەرمێز کە کۆنترۆڵی هەڵبژاردەکانی عێراقیان لە ئاستە جیاوازەکاندا کردووە، ئەویش بەهۆی گرنگیی شارەکەیە بۆ ئەم یارییە. یەکێك لە کچە یاریزانە بەتواناکانی سەر ئاستی کوردستان و عێراقیش کانی شەوقی ـیە. ئەو یەکێکە لە یاریزانە هەرە بەتواناکانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی و هەڵبژاردەی تۆپی سەرمێزی عێراق و خاوەنی ئاستێکی بەرزی یاریکردنە. ناوبراو لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٥ی شاری سلێمانی و قوتابی قۆناغی دووەمی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشییە لە زانکۆی سلێمانی و خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە لەگەڵ یانەکەی لە ئاستی کوردستان و عێراقدا، ئێمە لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵان ـی دایەوە.

*** چۆن بوو خۆت لە نێو دنیای یاریی تێنسی سەرمێز دۆزییەوە؟**

- پێموابوو لەم یارییەدا سەرکەوتوو دەبم، چونکە تاکە یاری بوو کە زۆرترین جار سەیرم کردووە و هەستم کرد خۆم لەم یارییەدا دەبینمەوە، چونکە چێژێکی زۆرم بە سەیرکردنی لێدەبینی.

*** ئاستی یاریی تۆپی سەرمێز لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

-ماوەیەك بەهۆی باشیی ئابووری کوردستان بەرەو پێشچوونێکی باشی بەخۆیەوە بینیبوو، بێگومان ئەویش بەهۆی کردنەوەی پاڵەوانێتیی زۆرەوە بوو، بەڵام بەداخەوە ماوەیەکی زۆرە پاڵەوانێتییەکان روویان لە کەمکردن کردووە و ئەوەش کێشەی زۆرینەی یارییەکانە لە ئێستادا.

*** پێتوایە چی بکرێت باشە بۆ باشتربوونی رەوشی ئەم یارییە؟**

-لە راستیدا نەك تەنیا ئەم یارییە، بگرە هەموو یارییەك پێویستی بە پێگەیاندنی یاریزان هەیە، ئەمەش تەنیا نایگەڕێنمەوە بۆ هەوڵی راهێنەر، بێگومان هەوڵی زۆری یاریزانەکەشی دەوێت.

***وەکو یاریزانێك زیاتر گرفتی ئەم یارییە لە چیدا دەبینی؟**

-تاکە کێشەی ئەم یارییە نەبوونی پاڵەوانێتییە، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ خراپیی باری ئابووری لە کورستان.

*** بەرنامەت بۆ داهاتووی خۆت چییە؟**

-لە ئێستادا هیچ بەرنامەیەکم نییە ئەویش بەهۆی خوێندنەوە ناتوانم پلانی سەرکەوتوو دابنێم، بێگومان دوای خوێندنەکەم پلانم هەیە، هەم بۆ یاریکردن و وەرزشەکە هەم بۆ ژیانی تایبەتی خۆیشم.



*** خەونی وەرزشیت لە ژیانی یاریزانیت چییە؟**

-خەونی من ئەوەیە کە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و وڵاتانی عەرەبیش بتوانم ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنیم و ناوی خۆم و کوردستانیش بەرز بکەمەوە .

*** دۆزینەوەی یاریزانانی کچ بۆ راهێنەران تا چەند زەحمەتە؟**

-زۆرکات دەستنیشانکردنی یاریزانانی کچ تا رادەیەك زەحمەتە، بەڵام راهێنەری بەتوانای یانەکەمان بەڵێن حەیدەر یەکێکە لە راهێنەرە بەتواناکانی سەر ئاستی کوردستان و عێراقە و لە دیاریکردنی یاریزانانیش زۆر بەتوانایە.

*** تا چەند بەوە گەشبینی کە هەڵبژاردەی کوردستان بەشداری لە پاڵەوانێتییەکی نێودەوڵەتی بکات؟**

- بێگومان هەڵبژاردەی کوردستان بوونی هەیە و منیش یەکێکم لە یاریزانانی هەڵبژاردەکە، بە هیوای ئەوەشم بتوانین بەشداربین لە پاڵەوانێتییەکی نێودەوڵەتی و ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنین بۆ کوردستان.

*** خانەوادەکەت تا چەند هاوکارت بوون؟**

-بێگومان هەموو کچە یاریزانێك پێویستی بە هاندانی خێزانەکەیەتی ئەگەر نا ناتوانێ درێژە بە یارییەکەی بدات، منیش هەر لە منداڵییەوە تا ئێستا پاڵپشتیەکی زۆرم دەکەن لەلایەن خێزانەکەم و ناتوانم تەنیا بە وتنی سوپاسێك گوزارشت لە ماندووبوونی ئەوان بکەم.

*** هیچ یانەیەك داوای گرێبەستی لێ نەکردوویت؟**

- بەڵێ، چەندین یانە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراقیش داوای گرێبەستیان لێ کردووم، بگرە ئێستاش لە هەوڵی ئەوەدان من ببەنە ریزی تیپەکانیان، بەڵام تاکو ئێستا من یاریزانی پێشمەرگەی سلێمانیم.



***پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

-داوادەکەم تەنیا گرنگی نەدرێت بە یەك یاریی دیاریکراو وەك یاریی تۆپی پێ کە بینەرێکی زۆری هەیە لە جیهاندا، بەڵام نابێت یارییەکانی دیکەش پشتگوێ بخرێت، لە هیچ وڵاتێکدا یارییەکانی دیکە فەرامۆش نەکراوە، هیوادارم لە کوردستانیش بەمشێوەیە بێت.

*** چیت ماوە باسی بکەیت؟**

-دەمەوێت سوپاسی هەموو ئەو کەسانە بکەم کە هانیان داوم بۆ وەرزش تا ئێستا، دەستی ماندووبونیان دەکوشم، سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم کە بە شێوازێکی زۆر باش پشتگیریی یاریزانانی کورد دەکات لە شاروشارۆچکەکانی کوردستان بەبێ جیاوازی، بەهیوای ئەوەم نموونەی کارکردنی ئێوە زیاد بێت.

دیمانە: کارزان کانەبی

## بەبۆنەوەی سەری ساڵەوە

# سەرجەم خولە گەورەکانی ئەورووپا پشوو وەردەگرن تەنها پریمەر لیگ نەبێت

**بەبۆنەوەی سەری ساڵی نوێ ٢٠١٦ سەرجەم خولە گەورەکانی ئەوروپا (ئیسپانیا * ئیتالیا * ئەڵمانیا * فەرەنسا) پشوو وەردەگرن تەنها خولی نایابی ئینگلتەرا نەبێت کە پشوو وەرناگرن و یارییەکانی بەردەوام دەبێت کەبەیارییەکانی بۆکسن دەی ناسراوە .**

### ■ خولی ئەڵمانیا

لە بۆندسلیگای ئەڵمانیا قۆناغی یەکەم کۆتایی هات و شەمەندەفەری یانەی بایرەن میونشن لەهیچ وێستگەیەك راوەستانی نییە و بەردەوامە لەسەرکەوتنەکانی، ئەم وەرزەش دوا وەرزە بۆ راهێنەر پیب گواردیۆلا بۆیە زۆر زەحمەتە کۆڕانی یانەکەی هەرێمی بەڤاریا دەستبەرداری نازناوەکە بن سەرەڕای ئەوەی یانەی بروسیا دۆرتمۆند بەهێزەوە گەڕاوەتەوە ململانێی یانەی بایرەن میونشن، لەم وەرزەش یانەی هێرتا بەرلین بەشێوەیەکی چاوەڕەواننەکراو لەپلەکانی پێشەوە دەبینرێت، ریزبەندی یانەکانیش بەم شێوەیەیە :

١- بایرەن میونشن ٤٦ خاڵ لە ١٧ یاری
٢- بروسیا دۆرتمۆند ٣٨ خاڵ لە ١٧ یاری
٣- هێرتا بەرلین ٣٢ خاڵ لە ١٧ یاری
٤- بروسیا مونشن گلادباخ ٢٩ خاڵ لە ١٧ یاری
٥- بایەرلیڤەرکوزن ٢٧ خاڵ لە ١٧ یاری

لەریزبەندی گۆڵکەرانی خولی ئەڵمانیا گۆڵکەری ئەوروپا دەبینرێت ئەویش یاریزانی گابۆنی یانەی بروسیا دۆرتمۆند پییێر ئیمیریك ئۆبامیانگە کە ١٨ گۆڵی تۆمار کردووە و بەپێش گۆڵکەرانی هەموو خولە بەهێزەکانی ئەورووپا کەوتووە، بەڵام ئۆبامیانگ هەڕەشەیەکی راستەقینەی لەسەرە لەلایەن هەردوو یاریزانی یانەی بایرەن میونشن رۆبەرت لیڤاندۆڤسکی و تۆماس مۆلەر، ریزبەندەکەش بەم شێوەیەیە:

١- پییێر ئیمریك ئۆبامیانگ لە یانەی بروسیا دۆرتمۆند ١٨ گۆڵ
٢- رۆبەرت لیڤاندۆڤسکی لە یانەی بایرەن میونشن ١٥ گۆڵ
٣- تۆماس مۆلەر لە یانەی بایرەن میونشن ١٤ گۆڵ
٤- خافێر هیرنانديز چیچاریتۆ لە یانەی بایەرلیڤەرکوزن ١١ گۆڵ
٥- سالمۆن کالۆ لە یانەی هێرتا بەرلین ٩ گۆڵ

### ■ خولی ئیتالیا

لە کالچیۆی ئیتالیا ١٧ هەفتە ئەنجام دراوە، لەم وەرزەدا پێدەچێت ململانێ لەنێوان یانەکان لە لوتکە بێت بە تایبەتی دوای ئەوەی سەرەتای یانەی یۆڤانتس وەك پێویست نەبوو، یانەکانی ئینتەر میلان و ناپۆلی و ڤیۆرەنتینا و تا رادەیەك رۆما دەرفەتەکەیان قۆزتەوە و پێشەنگی خولەکەیان وەرگرت بەڵام ئێستا یانەی یۆڤانتس ئاستی لەبەرزبووەنەوە دایە و چاودێران پێیان وایە یۆڤانتس بەردەوام دەرەفەتی هەیە بۆ ئەوەی وەك پاڵەوانی سیری ئەی بمێنێتەوە، ریزبەندی یانەکانی خولی ئیتالیا بەم شێوەی خوارەوەیە :

١- ئینتەر میلان ٣٦ خاڵ لە ١٧ یاری
٢- ڤیۆرەنتینا ٣٥ خاڵ لە ١٧ یاری
٣- ناپۆلی ٣٥ خاڵ لە ١٧ یاری
٤- یۆڤانتس ٣٣ خاڵ لە ١٧ یاری
٥- رۆما ٣٢ خاڵ لە ١٧ یاری

لە ریزبەندی گۆڵکەرانی خولی ئیتالیا یاریزانی یانەی ناپۆلی گۆنزالۆ هیگواین بەجیاوازیەکی زۆرەوە لەپێش رکابەرەکانی دێت و هاندەرانی یانەی ناپۆلیش بەهێزی یانەکەیان لەم وەرزەدا بۆ توانای گۆڵکردنی هیگواین دەگەڕێننەوە، ریزبەندەکەش بەم شێوەیەیە:

١- گۆنزالۆ هیگواین لەیانەی ناپۆلی ١٦ گۆڵ
٢- ئیدێر مارتینیز لەیانەی سامبەدۆریا ١٠ گۆڵ
٣- نیکۆلا کالینیچ لەیانەی ڤیۆرەنتینا ١٠ گۆڵ
٤- پاولۆ دیبالا لەیانەی یۆڤانتس ٨ گۆڵ
٥- کاراۆس باکا لەیانەی میلان ٨ گۆڵ





■ **خولی فەرەنسا**

لەدوای تەواو بوونی یارییەکانی قۆناغی یەکەمی خولی فەرەنسا و ئەنجامدانی ١٩ یاری یانە دەوڵەمەندەکەی شاری پاریس، پاریس سان جێرمان بەتەنیا دوور لەهەموو ململانێیەك لەپلەی یەکەم دێت و وادیارە هیچ یانەیەك نییە بتوانێت شان لەشانی ئەم یانەیە بدات، ئەوە جێی ئاماژەپێکردنە لەم وەرزە هەریەك لەیانەکانی لیۆن و مارسیلیا دوورن لە ململانێ، یانەی پاریس سان جێرمان ١٩ خاڵ لەپێش نزیکترین رکابەریەکانیەوە دێت و لەوانەیە دوای ١٠ یان ١١ هەفتەی دیکە بەفەرمی ببێتە پاڵەوانی خولی فەرەنسا، ریزبەندی باشترین پێنج بەم شێوەی خوارەوەیە :

١- پاریس سان جێرمان ٥١ خاڵ لە ١٩ یاری
٢- مۆناکۆ ٣٢ خاڵ لە ١٩ یاری
٣- ئەنجی ٣١ خاڵ لە ١٩ یاری
٤- کان ٣٠ خاڵ لە ١٩ یاری
٥- نیس ٢٩ خاڵ لە ١٩ یاری

لەریزبەندی گۆڵکەرانیشدا وەك ریزبەندی یانەکان یاریزانی پاریس سان جێرمان زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ لەپلەی یەکەم هەرچەندە لە ژمارەیەك یاری بەشداری نەکردووە، وا پێدەچێت ئەم وەرزە دوا وەرز بێت بۆ ئیبرا لەخولی یانەکانی فەرەنسا بۆیە دەیەوێت وەك گۆڵکەر بمێنێتەوە، ریزبەندی گۆڵکەرانیش بەم شێوەیە :

١- زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ لەیانەی پاریس سان جێرمان ١٥ گۆڵ
٢- بنیامین مۆکاندجیۆ لەیانەی لۆریان ١١ گۆڵ
٣- میشی باتشوای لەیانەی مارسیلیا ١١ گۆڵ
٤- ئەدیسۆن کاڤانی لەیانەی پاریس سان جێرمان ١٠ گۆڵ
٥- حاتم بن عەرەفە لەیانەی نیس ٧ گۆڵ

■ **خولی ئیسپانیا**

تا ئێستا لەخولی یانەکانی ئیسپانیا ١٦ هەفتە ئەنجام دراوە و یانەی بەرشلۆنە سەرەرای ئەوەی یارییەکی دواخراوی هەیە بەهۆی بەشداریکردنی لە مۆندیالی یانەکان بەڵام لەپلەی یەکەمی ریزبەندی یانەکان دێت، بەرشلۆنە لەقۆناغی یەکەمی خولی ئیسپانیا زۆربەی یارییە زەحمەتەکانی لەدەرەوەی یاریگای خۆی ئەنجام داوە بەرامبەر یانەکانی ریال مەدرید و ئەتلەتیکۆ مەدرید و ڤالانسیا و سیڤیلیا و سێلتا ڤیگۆ و ئەتلەتیك بیلباو بۆیە چاودێران ئەم یانەیە بە بەهێزترین پاڵێوراو دادەنێن بۆ ئەوەی پارێزگاری لە نازناوەکە بکات، ریزبەندی یانەکانی ئیسپانیا بەم شێوەیەی خوارەوەیە :

١- بەرشلۆنە ٣٥ خاڵ لە ١٥ یاری
٢- ئەتلەتیکۆ مەدرید ٣٥ خاڵ لە ١٦ یاری
٣- ریال مەدرید ٣٣ خاڵ لە ١٦ یاری
٤- سێلتا ڤیگۆ ٣١ خاڵ لە ١٦ یاری
٥- ڤیاریال ٣٠ خاڵ لە ١٦ یاری

لەریزبەندی گۆڵکەرانی خولی ئیسپانیا هەردوو یاریزانی یانەی بەرشلۆنە نەیمار دا سیلڤا و لویس سوارێز لەپلەکانی یەکەم و دووەم دێن و بەیەکەوە ٢٧ گۆڵیان تۆمار کردووە، لەهەمان کاتدا کریستیانۆ رۆناڵدۆ و کەریم بنزیمە لە دووانەکەی یانەی بەرشلۆنەوە نزیکن، ریزبەندەکەش بەم شێوەیە :

١- نەیمار داسیلڤا لەیانەی بەرشلۆنە ١٤ گۆڵ
٢- لویس سوارێز لەیانەی بەرشلۆنە ١٣ گۆڵ
٣- کریستیانۆ رۆناڵدۆ لەیانەی ریال مەدرید ١٢ گۆڵ
٤- ئیمانوێل ئەگریتچی لەیانەی ریال سۆسیداد ١٢ گۆڵ
٥- لۆکاس مارتینیز لەیانەی دیپۆرتیڤۆ لاکەرۆنیا ١٢ گۆڵ



# وادەی دەستپێكی خولی پلە یەكی كوردستان دیار نییە



لە هەولێر بە ئامادەبوونی سەرۆكی یەكێتیی ناوەندی تۆپی پێی كوردستان و جێگر و سكرتێر و ئەندامانی یەكێتییەكە و نوێنەرانی یانەكانی بەشداربوو لە وەرزی ئەمساڵی خولی پلەیەكی یانەكانی كوردستان لە مەراسیمێكدا تیروپشكی یانە بەشداربووەكانی وەرزی نوێ خولەكە راكێشرا، كە ئەمساڵ جیاواز لە ساڵان ١٥ یانەی شارەكانی كوردستان بەشداری وەرزی نوێی خولی یانە پلە یەكەكانی كوردستان دەكەن، كە تاكو ئێستا وادەی دەستپێكی یارییەكانی دیاری نەكراون، یانەكانیش دابەشی سەر سێ كۆمەڵە كراون و لە هەر كۆمەڵەیەك یەك تیپ بە سەر دەكەوێت بۆ قۆناغی داهاتوو لەگەڵ باشترین تیپی دووەمی هەر سێ كۆمەڵەكە، دواتر لە خولێك هەر چوار یانەكە بە شێوازی چوون و هاتن یارییەكان ئەنجام دەدەن، خاوەن كەمترین خاڵیش لە هەرسێ كۆمەڵەكە بۆ ریزی یانە پلە دووەكانی كوردستان دادەبەزێت و یانەی برووسك-یش جارێكی دی بڕیاری بەشدارینەكردنی دا لە خولی پلە یەك، بۆیە بۆ ریزی یانەپلە دووەكان دابەزی.

دڵشاد ساڵح ئەندامی یەكێتیی ناوەندی تۆپی پێی كوردستان لە بارەی ئامادەكارییەكانیان بۆ ئەنجامدانی خولەكان، تایبەت بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە ئامادەكارییەكانمان زۆر باشە بۆ ئەنجامدانی خولەكان و ئێستاش خولی پلە نایابی كوردستان ئەنجام دەدەین و دواتریش بە پێی بەرنامەكانمان خولی پلە یەكیش ئەنجام دەدەین، و لە بەرنامەكانی خۆمان بەردەوام دەبین بۆ خزمەتی زیاتر بە وەرزش.»


كۆمەڵەی یەكەم (پێشمەرگەی سلێمانی، خاك، سێمێل، دەربەندیخان، كۆیە). كۆمەڵەی دووەم (شەهیدان، سیروانی نوێ، ئاشتی،سۆران، ئاڵتون كۆپری)، كۆمەڵەی سێیەم (ئاكرێ، هەڵەبجەی شەهید، گازی باكوور، هەڵۆ، سەورە)

# وانەی وەرزش لە قوتابخانەكاندا

بە مەبەستی لە نزیكەوە ئاگاداربوون لە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی رەوشی وەرزشی لە ناوەندەكانی خوێندن لە سنووری هەر یەك لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەكانی (هەولێر، دهۆك، سلێمانی، كەركووك، گەرمیان و هەڵەبجە) و ئەو گرفتانەی بوونەتە كۆسپ لە بەردەم وانەی وەرزشی لە قوتابخانەكانی شارەكانی كوردستاندا كە لە ئێستادا وانەی وەرزشی وەكو پێویست نییە لە ژمارەیەك لە قوتابخانەكان و هەندێك لە قوتابخانەكانیش وانەی وەرزشی بە شێوەیەكی پێویست ناخوێندرێت، مامۆستا بەكر كەریم بەڕێوەبەری گشتی چالاكیی وەرزش و هونەر لەگەڵ بەڕێوەبەری چالاكیی وەرزش لە پەروەردە گشتییەكانی سەر ئاستی هەرێمی كوردستان پرسی وانەی وەرزشییان تاوتوێكرد و دوای گوێگرتن بۆ گرفت و داواكارییەكان، بەڕێوەبەری گشتی تیشكی خستە سەر كارەكانی مامۆستایانی وەرزش لە قوتابخانەكان و كاراكردنیان لە داهاتوو بۆ ئەوەی لە رێگەی وەرزشەوە زیاتر گرنگی بە پرۆسەی پەروەردەیی بدەن لە ناوەندەكانی خوێندن، گوتیشی: «دروستكردنی داتا بۆ مامۆستایانی وەرزشی لە سەرجەم پەروەردەی قەزاكان و دیاریكردنی قوتابییە بەهرەدارەكان لە وانەی وەرزشی و دانانی بەرنامەی ئەنجامدانی یارییە رێكخراوەكان بە بۆنەی جەژنەكانی ئادار و نەورۆز لە ساڵی نوێ، هەروەها بەرزكردنەوەی گرفتەكانیان لە



# یانەی زاخۆ راهێنەرێکی نوێ دیاری کرد



لەگەڵ ئەوەی ئەم وەرزە دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشی زاخۆ بە تەواوی پشتی بە دەستەیەکی راهێنەران و یاریزانانی کوردی شارەکەیان بەستبوو، بە هیوای بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە یارییەکانی وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی کوردستان کە ئەم وەرزە جیاواز لە ساڵان ١٣ یانە بەشداری کێبڕکێیەکان دەکەن لە دوو کۆمەڵە، یانەی زاخۆش بە هیوای ئەوە بوو کە بەم یاریزانانە بتوانێ کێبڕکێ بکات لەسەر گەیشتن بە یارییەکانی فیناڵ، بەڵام بە پێچەوانەی پێشبینییەکان بەر لە دەستپێکی خولەکە ستافی راهێنەرانی یانەکە (ئەمین یونس و رەزوان نازی) بە هۆی دابیننەکردنی بری گرێبەستەکانیان دەستیان لە مەشقی یانەکە کێشایەوە، دەستەی کارگێڕیی یانەکەش بڕیاری دەست لەکارکێشانەوەی ئەوانی قبووڵ کرد و لە شوێنی ئەوان دەستەیەکی نوێ بۆ بەڕێوەبردنی تیپەکە دیاری کرد. لە بارەی هۆکاری دەست لەکارکێشانەوەی ستافی هونەری یانەکەش خەلیل ئەحمەد سکرتێری یانەی وەرزشی زاخۆ بۆ گوڵان گوتی: «ئەمساڵ یانەکەمان گرفتێکی قووڵی دارایی رووی تێکردووە، جگە لەوەش ئێمە ئەرکمان قورسە کە تیپی عێراقیمان هەیە و پارەیەکی زۆرمان لێ سەرف کردوون بۆ ئەوەی کێبڕکێ بکەین لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە، بەڵام ماوەیەك بوو ستافی راهێنەران و چەند یاریزانێك داوای مافەکانی خۆیان دەکرد، ئێمەش نەمانتوانی بۆیان دابین بکەین، ئەوانیش داوای دەست لە کارکێشانەوەیان کرد لە پۆستی راهێنەرایەتی یانەکە لەم وەرزە، ئێمەش بەهۆی جێبەجێ نەکردنی داواکارییەکانیان نەمانتوانی رازییان بکەین بۆ بەردەوامبوون لە مەشقی یانەکە، بۆیە لە شوێنی ئەوان دوو راهێنەری ترمان دیاری کرد بۆ سەرپەرشتیکردنی مەشقی یانەکە، کە پێکهاتوون لە هەریەك لە دکتۆر هادی ئەحمەد یاریزانی پێشووی یانەکەمان کە خەڵکی پارێزگای مووسڵە و لە زانکۆی زاخۆیە لەگەڵ نەوزاد عەلی کە بەفەرمی بۆ تیپەکە دەستنیشان کران، متمانەمان بە تواناکانی ئەوان هەیە کە دەتوانن ئاستی تیپەکە باش بکەن و ئەنجامی باش بەدەستبهێنین.»

## خانەکان کارا دەکرێت

رێگەی پەروەردە گشتییەکانی خۆیانەوە بۆ چارەسەر و کردنەوەی خول بۆ مامۆستایانی وەرزش بە شێوازی سەردەمییانە و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان لە ناوەندەکانی خوێندن لە رۆژانی شەممە و چەندین پرسی گرنگ و تایبەت بە وانەی وەرزشی خرایە بەرباس، بەڕێوەبەری چالاکیی وەرزشی لە هەر (٦) پەروەردە گشتییەکانی سەر ئاستی هەرێمی کوردستان گرفتەکانیان خستەڕوو کە داواکارییەکان لە دابینکردنی کەل و پەلی وەرزشی بۆ پەروەردەی قەزاکان، کە ئێستا لە سەرجەم پەروەردە گشتییەکان کەلوپەلی وەرزشی بوونی نییە لە کۆگاکانیان و پێوستیی ئێستایە بۆ ناوەندەکانی خوێندن و نەبوونی سەرپەرشتیاری وەرزشی لە ژمارەیەك لە پەروەردەی قەزاکان لە سنووری پەروەردە گشتییەکان، هەروەها دیاریکردنی دەسەڵاتی بەڕێوەبەری چالاکیی وەرزشی لە سنووری پەروەردە گشتییەکان، دابینکردنی یاریگا و هۆڵی وەرزشی بۆ پەروەردەی گشتیی هەڵەبجە کە تاکو ئێستا یاریگای تایبەت بەخۆی نییە ئەوەش گرفتە بۆ مامۆستایان و قوتابیانی سنوورەکە.»

